دوای بەتیرۆر ناساندنی حزبوڵڵا و حوسییەکان... یاسر مالیکی: ڕێزگرتن لە مردوو ناشتنەتی

ئەمڕۆ پێنجشەممە، یاسر مالیکی، ئەمینداری گشتی بزووتنەوەی لاوانی بەشائیر، لە لاپەڕەی تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک نووسیویەتی، "ڕێزگرتن لە مردوو ناشتنەتی".

تۆڕی 964، وەک ئەوەی موتەڵەع بەدواداچوونی بۆ کردووە ئاماژەی بەوەکردووە، پۆستەکەی مالیکی ئاماژەیە بۆ کۆتایی هاتنی خولی سەرۆکوەزیرانی عێراق محەممەد شیاع سودانی، بەهاوتەریب لەگەڵ بڵاوکراوەی ڕۆژنامەی وەقایعی عێراقی بەدانانی حزبوڵڵا و حوسییەکان لە لیستەکانی تیرۆردا، سەرەڕای دانپێدانانی هەڵەی لیژنەی سڕکردنی سەروەت و سامان و بەڵێندانی بە ڕاستکردنەوەی.

ئەمەش لە خوارەوە لێدوانەکەی مالیکییە، کە بە موتەڵەع گەیشتووە: